# ئەنفال پرۆژەیەک بۆ سڕینەوە یان یەک گووتاری ڕامیاری کوردیی. ؟؟ .. شێرزاد خەراجیانی

سەدام لە دیدارێکی فەرماندە سەربازیەکانی لەدوا ساڵەکانی جەنگی (عێراق-ئێران) دا ووتی: بائێران گرەوو لەسەر ژمارەی بێ شووماری سوپاکەی نەکات، چونکە مێشوولەش دەرمانی قڕکردنی هەیە. ئەوێ ڕۆژێ ڕاگەیاندنێکی وا دەچووە خانەی جەنگی پڕوپاگەندەی سەربازی یەوە. دام ودەزگای ڕاگەیاندنی دەوڵەتی بەعس یەکێك لەگەورەترین دەزگای چەواشەکەری ڕژێمی بەعس بوو، کە بەدرێژایی تەمەنی بەعس فاکتەرێکی کارای مانەوەی دەسەڵاتی بووە، بەتایبەت سالانی جەنگ. گەر تەنها نموونەیەکی ڕاگەیاندراوی سەربازی سوپای عێراق بەبیر بهێنینەوە. کە پێم وایە لە شەڕی محەمەرە بوو، کە زیانی دوژمن (ئێران (70000و زیانی (ئێراق)
70 شەهید بوو. یان فلیمەکانی (لە بەرەی جەنگەوە) کەدیمەنی لاشەی کوژراوە ئێرانیەکانی دووبارە دەکردەوە. چوارچێوەی ناسینی وەزارەتی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی عێراقی بەعسمان بەبیر دێنێتەوە. ئەوکاتە ووتەکەی سەدامیش وەك وێنەو کۆبونەوە و ووتەکانی ڕۆژانەی سەر تەلەفیزۆنی سەرنجی خەڵکی عێراقی ڕانەکێشا. بەڵام وانەبوو ئەمە پەیامێکی هەڕەشە بوو (نە ئێران نە بەرەی کوردستانی) کۆدی دەرمانی قڕکردنی مێشوولەیان نەخوێندەوە. پێدانی چەکی کیمیایی هاوکاتی مۆڵەت وەرگرتنی بەکارهێنانیشی بوو، بۆیە بەعس بەفراوانی بەکاری هێناو لەبەرەی ئێراندا کۆتایی بەجەنگ هێنا و کۆتایی جەنگیش (بەمانەوەی) دەیکردە سەرکەوتنی قادسیەی سەدام. لەبەرەی شۆڕشی کوردستانیش بووە سەرەتای قۆناخێکی گرنگی مێژوویی کەزادەی کارەساتی نەتەوەیی (هەڵەبجە و ئەنفالەکان) بوو. شوێنەوارەکانی تائێستاش پاش 15 ساڵی ڕاپەرین و 3 ساڵ ڕووخانی بەعس تازەن و شوێنەواری نێگەتیڤانەی باری (دەروونی، کۆمەڵایەتی کلتووری، ئابووری.. ، . (کاڵ نەبۆتەوە و پاشماوەی قوربانیانی ئەنفالی نەگواستۆتەوە و لە قوناخ و سەردەمی ئەنفال ڕایگرتوون. چارەنووسی بزرو تائێستا نادیاری ئەنفالەکان بەگەورەیی قەبارەی کارەساتەکە پاش زیندان کردنی سەرانی تاوانبارانی بەعس بەخودی (سەرۆکی فەرماندەشەوە) و گریمانەیەکی هیوابەخشانە درووست ناکات تاچاوەڕوانی دادگای قۆناخی ئەنفال و هەڵەبجە و بارزانییەکان بین. ئەنفال پرۆژەی سڕینەوەی گەلێك بوو لەهزروبیری فەلسەفیانەی بەعسدا شوراوپەرژینی لەبەردەم یەکێتی نەتەوەیی عەرەبدا هەڵچنی بوو. لە ئاسایشی نەتەوەیی فەرهەنگی بەعسیش بەهەڕەشە و مەترسی دەزانرا. بۆیە بەعس لەگەرمەی جەنگی لەگەڵ ئێراندا، کاتێك چەکی کیمیایی دەست کەووت وەك پێداویستیەکی سەربازی گەورە و تەواوکەری پرۆژەی ئەنفال چاوەڕوانی ئەنجامەکانی کۆتایی جەنگی نەکرد و پرۆسەی ئەنفالی دەست پێکرد و کردیە هەنگاوی پراکتیکی پلانی (کێشەی کوردی) کەلەڕۆژە سەرەتاییەکانی دەسەڵاتیانەوە بڕیاری ڕامیارییان بوو. دەکرێت (ئەنفال) لەگۆشەولایەنی جیاجیاوە، خوێندنەوە و لێکۆڵینەوەی جیاجیای بۆ بکرێت و دەیان فلیم و پەڕتووك و کۆڕ و سیمینار و لێکۆڵینەوە و ووتاری بۆ بنووسرێت. بەڵام لەبەرامبەر کارەساتی جینۆسایدی ئەنفال و توخم و لایەنەکانی بڕیار و کەس و هێزو دەستەکانی جێبەجێکەر و بێدەنگی و خامۆشی ووڵاتانی ناوچەیی و جیهانی و کۆمەڵە و ڕێکخراوەنێونەتەوەییەکان و ئیسلامیەکان و عەرەبیەکان، کەگەلی کوردستانی تەنیا و ڕووبەڕووی ڕژێمێکی پڕ چەکی دیکتاتۆری و تۆتالیتاری جێهێشت دەبوا

لەبیری نەتەوەیی کوردیدا ماناو چەمکی ئەنفال چۆن پێناسەی خۆی بکات و چی لادرووست بکات. دیارە کۆمەڵگای کوردی بەجیاوازی و تایبەتمەندێتییەکانیشییەوە بواری درووست کردنی دەنگ و ڕەنگ و بیری جیاواز دەدات، بەڵام قورسایی فشارەکانی ئەنفال و هەڵەبجە نەدەبوا گووتاری ڕامیاری کوردی یەکبخات. ؟ بەرامبەر پرۆژەی سڕینەوەی نەتەوەیەك کەهەموو کەس و تاکەکانی بێ جیاوازی گۆڕ بزر و زیندەبەچاڵ دەکرد. نابێت وەك ململانێی مانەوە و دەربازبوون یان بۆ دووبارە نەبوونەوەی ئەنفالێکی تر بەرامبەر بیری شۆفێنی و ڕەگەزپەرستانەی داگیرکەران بۆچی نەبۆتە گەڵاڵە بوونی یەك گووتاری ڕامیاری نەتەوەیی کوردی، کە گووتاری لەم جۆرە بۆ ئێستای گەلی کوردستان چەکی بیری نەتەوەیی و هاندانی گیانیی تاکی کوردستانییە بۆ سەربەخۆیی و یەکبوونی نیشتیمانەکەی کەخەونی هەمیشەیی و کۆتاییە.